# بووژاندنەوە چەپ

**ئەحمەدی مەلا**

چەمکی چەپ کە ئیمرۆ وەکو بۆچوونێکی سیاسی کە لە سەر ئاستی جیهاندا دەناسرێتەوە و زۆرجاریش نازانرێت سەرچاوەی ئەم دەستینشانکردنە دەگەڕێتەوە بۆ چ ڕووداوێک، یا چ مێژوویەکی لە پشتەوە هەیە. بەڵام هەندە دەزانرێت کە بە کۆمەڵێ بەهاوە بەندە هەر لە عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مافە سەندیکییەکان و مافی کار و تا سەعاتەکانی ئیشکردن...هتد بەڵام
واتای سیاسی وشەی چەپ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٩١ ئەویش دەگڕێتەوە بۆ دانیشتنێکی پەرلەمانی فەرەنسی کە بەشێک لە پەرلەمەنتارەکان لە لای دەستی ڕاستی سەرۆکی پەرلەمان بوون و بەشێکی دیش لە لای دەستی چەپی سەرۆک دانیشتبوون. ئەوانەی دەستی چەپ هەڵگری بیروبۆچوونی پێشکەوتووبوون. وردتر، ئەم دەسنیشانکردنە بە تەواوی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢٨ مانگی ئابی ١٧٨٩ کاتێک بەشێکی پەرلەمنتارەکان دەچنە ریزی ئەوانەی کە لە دەستی چەپ دانیشتبوون و بۆ ئەوەی دژی ڤیتۆی شاهانە ڕاوەستن. کەواتە ئەم دەسنیشانکردنە تەواو فەرەنسییە.

فیکرەکانی چەپیش وەکو گەلێ دیاردەی دیکە لە نێوان هەوڵێکی شیلگیرانە و مۆدەدا ژیان. دەشکرێ ئەم دیاردەیە بە جۆرە پەیوەندییەکی کاڵفامانە بژمێردرێت کە بە درێژایی مێژوویی هاوچەرخ لە نێوان فیکر و مۆدە پەیا بووە. یەکەمیان ڕەگهاژووە و دووەمییان هەرزەییانە بە نێو کۆمەڵدا تێدەپەڕی و ئامرازەکانی خۆی دەخەمەڵێنێ و نووسەر و هونەرمەندی خۆی دەسازێنێ و کاروکاردانەوکانیشی بە سەر نەوەیەک یا زێتر جێدەهێڵێ.
یەکەمییان پرسیارەکان نوێ دەکاتەوە و بە نەبزێویی لە کێشەکانی کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و ئایدیۆلۆژیا لە خزمەتی خۆی بەکار دەهێنێ و ڕێبازەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دۆگم قبووڵ ناکات. دووەمیشیان لە ڕێگەی دیاردەگەلێکدا، بە سووکیی کێشەکان بەسەر دەکاتەوە و رووکەشانە شتەکان پێکەوە گرێ دەدات. لە زاکیرەی نەوەکانیشدا دەبێتە چەند پارچە ڕەمزێک، چەند تامێکی سادە و خۆش، چەند یادگارییەکی شیرین و بەس.

ئەم دیاردەیە هەڵبەتە بەسەر مارکسییەتیش دا چەسپاو و لە کێشەیەکی ئاڵۆزی کولتوورێکی تایبەتەوە بوو بە چەند کلێشەیەک و چەند دروشمێک و چەند ناوێک هەندەی لە ڕێگای باڵێۆزەکانی وڵاتانی سۆسیالیست هەڵیان دەکرد هەندە نەیادەویست واقیعی تایبەتی وڵاتەکەیان بخوێننەوە.
کاتیکیش دیواری بەرلین ڕۆخا، دونیا حەپەساو جارِ بۆ کۆتایی مێژوو لێدرا...

هەڵبەتە چەپی کوردستانیش بەدەر نەبوو لەم تێکچڕژانانە. شەست و حەفتاکان ساڵانێک بوون، ویسترا مۆرکیکی کوردی بدرێتە چەپ کە سەرجەم ئەکتەرەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوە واقیعی کۆمەڵایەتی، واقیعی ئابووری و سیاسی بە مانا هەرە نوێیەکەی دەژیان. لێرە هەندەی ڕەخنە لە واقیع خۆی دەگیرێ هەندە ئۆباڵ ناکەوێتە سەر ئەکتەرەکان. کۆمەڵگاکان بە هێچ

شێوەیەک نە ئامادە بوون، نە ئامادە دەکران بۆ ئەو وەرچەرخانە مێژووییانە.

چونکە یەکەم، شۆڕشی کوردی لە نێو ئاڵۆزکارییەکان دەژیا و هەندەی هەوڵێک بوو بۆ دۆزینەوەی هاوکێشە هەندە بە نزیکبوونەوە لە واقیع نەدەژمێرا. ئەویش بوو بە پانتاییەکی ئایدیۆلۆژیی و لە نێوان لینینییەت و ماو و مارکسی سەدەی نۆزدەهەم، خەون بە دابێنکردنی دونیایەک دەبینرا کە بە خێرایی تیشک لەئێمەوە دوور بوو. چەپی ئێمە چەپی کتێب بوو زێتر وەک چەپی واقیع.

دووەم لە بەر ئاڵۆزکاریی سەرجەم کێشەکان، نەدەزانرا چۆن گرێ لە سۆسیالیستیی و ناسیۆنالیستی و کوردچێتی و عێراقچێتی بدرێت و خوێندنەوەیەکی ورد بێت، بۆیە لە سەر زەمینەی واقیع هیچ شتێکی ئەوتۆ نەدەبینرا و لە سەر کوراسەکانیش هەوڵدانێک بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەک! ئەمەش تەنها لەبەر تاقە هۆیەک بوو، واقیع لە دەرەوەی رووداوەکاندا بوو، یا رووداوەکان لە پەراوێزی واقیع دا روویان دەدا.

سێیەم، چەپ مومکین نییە لە نێو ئەو دڵەراوکێیانە شتێکی لێوە بێتە بەرهەم! بووژاندنەوە چەپ پێویستی بە کۆمەڵگایەکە تەماسی رۆژانەی هەبێت لە گەڵی. پێویستی بە دامەزرا و رێکخراو هەیە ئیشی بۆ بکات، لە سەرووی هەموویەوە پێویستی بە زرووفێکی هێمن هەیە یا داواکارییەکان توانای خەملاندنیان هەبێت. بۆچی چەپ لە کوردستان لاوازە؟ ئایا پێویست ناکات چەپ لە کوردستان بووژێنرێتەوە؟چونکە ئێستا کوردستان بە پیت ترین زەمینە بۆ بووژاندنەوەی فیکرەکانی چەپ کە بە شێوەیەکی هاوچەرخانە و واقیعییانە، دوور لە دوگمە مارکسییە–لینینییەکان، دوور لە هاوکێشە کشتوکاڵسازییەکانی ماو، دوور لە یاخیبوونە کورتخایەنەکەی چیگیڤارا، دوور لە خەمی ئەو ترۆتیسکییانەی کە لە ئومەمییەی چوارەم لە نێو ئاڵۆزکارییەکانی شۆڕشی هەمیشەیی دا، هەڤاڵان بە دووی تراوێلکەدا جێدەهێڵێ.

چەپێک بێت نزیکی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نزیک تاکەکان بێت و بەتەواویی بیر لە کێشە بێئەژمارەکانی کۆمەڵگای ئێمە بکاتەوە. هەر لە سیستەمە پەروەردەییەکان کە پێویستیان بە پێداچوونەوەیەکی سەرتاپاگەرییە. هەر بۆ نموونە کتێبی پۆلی یەکەم تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵە. پەنجا ساڵە منداڵانمان لە سەر یەک نەمەت، یەک مێتۆد، یەک سەرچاوە فێری زمانی کوردی دەبێت! ئەمە کەوتنی هەموو بەها پەروەردەییەکانە!

وێڕای سیستەمی تەندروستی و سەرجەم کێشە خزەمتگوزارییەکان پێویستە ئیشیان بۆ بکرێت. جگە لە کێشە کولتوورییەکان کە زۆر جار بە دەستی دەسەڵاتی سیاسییەوە دەبێتە وەرەقەی گەمە زێتر وەک چالاکی کولتووری، دەبێتە بەخێوکردنی رۆشنبیر وەک لە دروستکردنی توێژێکی سەربەخۆ لە پرسیار وروژاندن و ئیشکردنی جیدیی لەو بارەیەوە.

ئەوەی چەپ لە هیتران جودا دەکاتەوە شێوازەکانی مامەڵاکردنە و گەڕانێک بێت بە دووی زمانێکی دیکە. زمانێکی نوێ بێت کە بتوانێ تەعبیرێکی راستەقینە لە کێشەکان بکات. واتە چەپێک نەبێت بە

داوی هەڵپەی دەسەڵات وەرگرتن رۆژ لە دوای رۆژ خۆی کاڵکاتەوە تا ئاستی نەمان. چەپێک بە جیدیی کێشە دیموکراسییەکان بورووژێنێ گرێکوێرەی "تەوافوق" بخاتە ژێر پرسیار و لێدوانەوە. چەپێک بیر لە توێژەکانی خوارەوە بکاتەوە و دەستی دەسکورتەکان بگرێت بەرەو ژیانێکی گونجاوتر.

بە بێ چەپێکی وریا و هۆشیار و خاوەن لێپرسراویی، کوردستان هەمیشە ئامادەییە ببێتە مۆڵگەی فیکری سەلەفی.

دانیشگای کاستیا لا مانچا–ئیسپانیا